# راگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان سەبارەت بەئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق

ڕۆژی ١٢-٢-٢٠٠٥ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراق ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵبژاردنی عێراقی ڕاگەیاند. بەپێی ئەو ئاکامانە لیستی ئەو حزبانەی کەخۆیان بەنوێنەری شیعەکان دەزانن واتە "ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو" پلەی یەکەمی بەدەستهێناو لیستی ئەو حزبە قەومی-ئیسلامیانەی خۆیان بەنوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانن واتە "هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانی" پلەی دووەمی بەدەستهێنا، بەو پێیە هەردوو لیستی ناوبراو زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق مسۆگەر دەکەن. بەڵام پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو گفتوگۆی چڕو پڕ یان باشترە بڵێین ململانێی هەمەلایەنە لەپشتی پەردەوە لەسەر پێکهاتی داهاتووی حکومەتی عێراقو پۆستە سەرەکیەکانی لەچەشنی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران لەنێوان لایەنە براوەکاندا دەستی پێکردووە.

لەمبارەیەوە "یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق" بەپێویستی دەزانێت دەربارەی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنو بەشداری خەڵکی عێراق تیایداو ئاکامە ڕاگەیەنراوەکانی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابگەیەنێت:

١. ئێمە پێشتر ڕامانگەیاندووە کەخەڵکی عێراق پەرۆشی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو پاکو عادیلانەیەو ئەوە یەکێکە لەخواستە سەرەکیەکانی، خواستێك کەهێزەکانی ئەمریکاو هێزە بۆرژوازیو کۆنەپەرستە جۆراوجۆرەکان، چ لەدەسەڵاتدا بن یان لەئۆپۆزسیۆندا، ناتوانن بازی بەسەردا بدەنو خۆیانی لێببوێرن. بەشداری فراوانی خەڵك لەم هەڵبژاردنەدا سەلمێنەری ئەم ڕاستیە بوو.

٢. ملهوڕیە سەربازیەکانی ئەمریکاو سیاسەتی توندوتیژیو زۆرەملێو خۆسەپاندنی وجودی سەربازی خۆی لەعێراقداو گۆڕینی ئەم وڵاتە بەگۆڕەپانێك بۆ شەڕ لەدژی تیرۆریزمو کەڵکوەرگرتن لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ بەرەوپێشبردنی نەخشە ئیمپریالیستیو جەنگیەکانی لەناوچەکەدا، هەروەها پەرەسەندنی هەمەلایەنەی کردەوە تیرۆریستیەکانی بەرەی ئیسلامی-بەعسی بەبیانووی دژایەتیکردنی ئەمریکا هەموو ئەمانە بوونە هۆی بێبەشکردنی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ئێستاو زەوتکردنی مافە سیاسیەکانیان. بەپێی ئامارە ڕەسمیەکان ڕێژەی بەشداربووان لەهەڵبژاردندا گەیشتووە بە ٥٩٪و ئەو ڕێژە زۆرەیتر کەماوەتەوە نەیانتوانیوە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن کەدیارە لەباری سیاسیەوە بۆ عێراق گرنگو چارەنوسسازبوو.

٣. پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بۆ جارێکیتر ڕوونیکردەوە کەحزبە قەومیو دینیەکان تاچ ئەندازەیەك دورن لەپراکتیزەکردنی دیموکراسیو هەڵبژاردنو تاچ ئاستێك دەنگو ئیرادەی خەڵك بەکەمدەگرنو یاری پێدەکەن. هەوڵی چڕوپڕ بۆ بەتاڵکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرچشنە ناوەڕۆکێکی دیموکراسیو ئازادانە، خۆگرێدانەوەی ڕاستەوخۆیان بەئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکەوە، خستنەگەڕی پارەوداهاتی خەڵکی عێراق بۆ خزمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانو بەڕێوەبردنی ساختەو تەزویرو فریودانو بەکارهێنانی توندوتیژی لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەداو ......تاد هەموو ئەوانە بەشێکی جیانەکراوەبوون لەکارو کردەوەکانیان لەدژی ئازادیو دیموکراسی.

٤. بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق کاتێك لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداریان کرد، لەژێر کاریگەری ئەفکاری قەومیو دینیو ئەو کەمپینە ئیعلامیە زەبەلاحەدا کەبۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆنەپەرستەکانیان بەڕێوەیان برد، خۆشباوەڕبوون بەوەی کەهێزە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکانو هێزە قەومیەکان کەئیدعای نوێنەرایەتی تائیفەیەك یان قەومیەتێکی دیاریکراو دەکەن خواستەکانی ئەوان جێبەجێدەکەنو وەڵام بەچاوەڕوانیە بەرهەقەکانیان دەدەنەوە. ئێمە بۆ جارێکیتر ئەوە ڕادەگەیەنین کەئەو هێزانە ناتوانن لانی کەمی خواستو داخوازیو چاوەڕوانیەکانی خەڵکی عێراقو بەشە جۆراوجۆرەکانی بەدیبهێننو بگرە لەدژی دەوەستنەوە. ئەو هێزانەی لەم هەڵبژاردنەی ئێستادا دەرچوون مەینەتیو کوێرەوەری بۆ چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش بەدیاری دەهێننو ڕیزەکانیان زیاتر لەبەریەك دەترازێننو دووبەرەکی تائیفیو قەومیو مەزهەبی قووڵتر دەکەنەوەو بگرە هەوڵدەدەن کەدەستوری هەمیشەیی عێراق مۆرکی ئەم دابەشبوونو دووبەرەکیە هەڵبگرێت. ئەم هێزانە بەهۆی سروشتی چینایەتی خۆیانەوە بەرژوەندیەکانی چینی کرێکاری عێراق نوێنەرایەتی ناکەنو ڕاستەوخۆ لەدژی مافە سەرەکیەکانی کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێشو چەوساوە دەوەستنەوە. هەروەها بەرنامەو پرۆگرامی ئەم هێزانە ناکۆکە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتێکی عیلمانیو مەدەنیدا، حکومەتێك کەپشتی بەدەورو ئیرادەی خەڵکی عێراق بەستبێتو لەدەستووری خۆیدا مافی هاوڵاتیبوونی یەکسانو جیایی دین لەدەوڵەتو مافو ئازادیە سەرەکیو مەدەنیەکان بەتایبەت مافی یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا بەرەسمی بناسێت.

٥. ٠دوا بەدوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنو پێش ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هێزە قەومیو دینیو تایفیە بۆرژوازیەکان خەریکی هێنانو بردنی یەکترن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقو پۆستە سەرەکیەکانی، هەروەها ئەمریکاو هێزە بۆرژوازیە هاوکارەکانی بەبیانووی بەشداری "سونیەکان" جەولەیەکیتری گفتوگۆی پشتی پەردەیان دەستپێکردووە لەگەڵ ئەو لایەنە کۆنەپەرستانەدا کەبەئاشکرا بانگەشە بۆ تیرۆریزم دەکەنو لەڕوانگەیەکی ئیجگار کۆنەپەرستەوە موقاتەعەی هەڵبژاردنیان کرد لەچەشنی "هیئة علماء المسلمین"و باقی لایەنەکانیتر بەمەبەستی پەلکێشانیان بۆ ناو "پرۆسەی سیاسی"و بەشداریکردن لەداڕشتنی دەستووری هەمیشەییو دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا. ئەم کردەوانە نیشانیدا کەدەنگەکانی هەڵبژاردن فڕێدرایە سەر ڕەفەکان، وەحکومەتی نوێی عێراق لەڕووی شکڵو ناوەڕۆکەوە لەحکومەتی پێشخۆی جیاوازتر نیە ئەگەر لەو خراپتریش نەبێ، هەروەها دەرکەوت ئەو ئەنجومەنە نیشتمانیەی هەڵبژێردراوە هیچ دەسەڵاتێکینیە چ لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی داهاتوودا ئەو ناکۆکیو دووبەرەکیە ئاشکراو پەنهانەیی لەئاراشدایە پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەن یەکلادەکرێتەوە !

٦. یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق لەوباوەڕەدایە کەبۆرژوازی عێراقو ئەو هێزە قەومیی و تائیفیی و دینیانەی نوێنەرایەتی بەشو توێژە جۆراوجۆرەکانی دەکەن و ئەو حکومەتەی لەم توخمانە پێکدێت پەیوەندی بە بەرژەوەندیی و خواست و داخوازیەکانی چینی کرێکارو خەڵکی چەوساوەی عێراقەوە نیەو هەنگاوێك نیە بۆ چارەسەری هەژاریی و بێکاریی و بێدەرەتانیی و ئەزمەی خانووبەرەو کەمی کرێ و نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و باقی ئەو گرفتانەی کەژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشیان هەراسان کردووە. لەلایەکی‌ترەوە ئەم هێزانە نەك هەر داگیرکاری ئەمریکا کۆتایی پێناهێنن بگرە زیاتر عێراق بەرەورەوەی بەرژوەندیەکانی ئەمریکاو پرۆژە ئیمپریالیستیی‌یە چاوچنۆکەکانیەوە لەناوچەکەدا شەتەك دەدەنەوەو خۆیان دەکەن بەپاسەوانی بەرژەوەندیەکانی. ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەو حکومەتەی کەپێکدەهێنرێ لەئیئتلافی ئەم هێزانە بەتەواوی دوورە لەپرۆسەی داڕشتنی دەستوورێکی عیلمانیی و مەدەنیی و بەڕەسمی ناسینی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان و چارەسەری کێشەی رەگەزیی و تائیفیی و چارەسەری عادیلانەی مەسەلەی‌کوردو .... تاد. ئیمە لەسەر بنەمای ئەمانە لەو باوەڕەداین کەبزووتنەوەی سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستیی و بەتایبەتی کرێکارانی کۆمۆنیست ئەرکیانە بەشێوەیەکی لێبڕاو لەم قۆناغەدا خەبات بکەن تا یەکڕیزی چینی کرێکارو خەڵکی چەوساوە بپارێزن و بنەمایەکی پتەو بۆ کاری هاوبەش لەنێوان بەشە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بچەسپێنن و خەبات بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بەمەبەستی چەسپاندنی مافە سەرەکیەکانی کرێکاران لەدەستووری هەمیشەیی عێراقو بەدیهێنانی ئازادیی و خۆشگوزەرانیی و دەستەبەرکردنی کارو دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنیی و عیلمانی پەرەپێبدەن..

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**

**کۆمیتەی ناوەندی**

٢٠٠٥/٢/١٣